

کەروێشکی خانمە " شیلی(١)" یەکە.
خۆشناو مەریوانی هاوینی ٢٠١٧
پاریس.

پێشکەش بەدایە وبابە و کەروێشکی خانمە شیلی یەکە.

ئەو دنیایە وەکی ئەورۆی، تیژ رێرەو نە بوو. هەنوکە تا ئاورمان دایەوە قژی سەر و مووی ردێنمان سپی بوو. بروناکەم هی خەفەتی ئەودنیایەی بێت. راستە! بە پێچەوانەوە، جوانی دایکم شەری لەگەڵ جوانی مانگ و رۆژدا دەکرد، گۆرانکاری لە نمای جوانیدا زۆر زوو بەر وردبینین کەوتن.
نێڵە نێڵی گری سەرتەندوور، دەست-تار گردانن، بێژەنگ هەڵ لەرزاندن، چاوەروانی مناڵەکانی و ئازاری جودای هەموو قژ و پرچی وەکی لۆکەی میسری هەر زوو سپی کردن. ئەو حمکە جوانییەی نەبووایە درنگتر بۆ بەرچاوی ئێمە پەرچەمی سپی نمایش دە بوون.
بابەم هەتا پێش ئازارەکانی ئازاری حەفتاکان قژی بە کرێم رۆن بریسەکەدار و نەرمی دەکردنەوە، بە شانەی ئەبوو لەنگەری فەرەنسی گودلە کانی دائەهێنان، وەلێ هەر زوو قژتەنک و خۆڵەمێشی وسپی بوون.
خەیاڵ و ورتە ورتە بێ وەستاوانە، لە شەمەندەفەرە خێراکەی نێوان پاریس و لەندەندا دەمکردن، هاوکات بەزمانی فەرەنسی (تێ. ژێ. ڤێ.)ی پێ هێژن:
خێرای شەمەندەفەری کارەبای وبە هێمنی کشانی،
- وەک دووڵ دڵەکەی ئیمامی حوسێنی، باری دەرونی هێوردەکاتەوە، دەرفەتی خەیاڵ کردنەوە فرەتر دەکات، ، هەرساتەی بۆ قوژبنێکی شانۆی ژیانی رابردوومان ئەندێشە دەیفرێنێ. زۆر سەیرە! زۆر سەیرە بۆ خۆم لە بیر و خەیاڵانەمدا بە خۆمم ئەگووت:
- بۆ کیتابێکم نەهاورد سەرقاڵمکات، ئالەم ئەندێشانە باشتر نە بوون؟
گوێم بە ئەسپای لە دەنگێک لە تەنیشتمەوە بوو، دەزووی خەیاڵەکانی پچراندم:
- فەرموون پسکیت بخۆن.
- ئای خاتوونی بەرێز زۆر سوپاسی هەستان دەکەم.
بە زەردەخەنەیەکی دیارەوە وەڵام دایمەوە.

هەمان خانمی کەمێک لەمەو پێش بەجیرانی سەفەرەکەم بوو، خەیاڵەکانم لە دراوسێیەتی کردبووم. خانمێکی قەشەنگی جوانی پێست کەمێک تۆخ بوو، تەمەنی لە نێوان سی وپێنج بۆ چل ساڵ ئەبوو، لەسەر ریتمی فەرەنسی خۆی پۆشتە وپەرداخ کردبوو، کەمەر تەنگ کەمێک گۆشتن بوو. چاو بەعەزرەتەوە بوو لەدەوری گڕبخوات.
من لە تەنیای، بێ کیتابی و بێ هاودەمی گەشتەکەم، باری دەرونی لەگەڵ قولای هەستم دەمکرد. هەنوکە پێویستە خەیاڵی دایە وبابە هەڵگرم بۆ دەرفەتێکیتر، لە دڵی خۆمدا گووتم.
- من تا مابم، خەیاڵیان هەر دەمێنێ، زۆر کات لەو ژیانەی بۆ بیر لەخۆشەویستان بە بەرمانەو ماوە.
بە ئەسپای گووتم:
- خانم عادەتمە کاتێک بەتایبەتی بە شەمەندەفەر سەفەر ئەکەم، بۆ ئەوەی رێگاکە کورت کەمەوە، بیرەی فرە سارد لە گەڵ خۆم دەهێنم.
درێژەم بە گفتەکەمدا:

- کەیفم پڕ بەدڵ پێ دێت، بیرەیەکی سارد لە گەڵتاندا بخۆمەوە.
خانم بە ئەوپەڕی ناسکی و ڕێزەوە، وەڵامی دامەوە:
- بە خۆشییەوە و بەخۆشی سەفەرەکەمانەوە.
من ئەت گوت نیشانی زۆر ئاسی بە تفەنگە کۆنەی شکاو شکاندوومە، گەشامەوە.
لە دڵی خۆمدا گووتم:
- حەی من بۆ سمێڵم چووم کەچی سمێل و ریشم هاوردنەوە.
بە پەلە هەستام زەرف - تەرمۆسییەکەی لە جانتاکە دەرمهاورد.
کە زەرفەکەی بینی گووتی:
- بەرێزتان بەشی حەفلەیەک بیرە هاوردتانە.
بەدەم پێکەنینەوە وەڵامم دایەوە:
- دەمزانی هاوەڵی سەفەر تان دەبم.
بە بریسکە بریسکی چاوانی رەشی پێکەنی، پێش بیرە ساردەکان بخۆمەوە، دڵم فێنکی بوویەوە.
بیرەیەکی سارد بۆی هەڵمپچری و بەرێزەوە دامە دەستی، لە هەمان ریتم دانەیەکم بۆخۆم هەڵمپچری، سەیرێکم کرد و بیرەمان دا بەیەکداو، هۆردووکمان بەریتمی فەرەنسی، سەیری نێو چاوی یەکدیمان کرد و گووتمان.
- لە خۆشی سەفەرەکەمان، نۆش.
کەسانی نزیکی نێو شەمەندەفەرەکەی پێشمانەوە، بە چاوی بەغالەتەوە، بەلای سەر لەدەنگی بیرە بەیەکدی دانەکەدا، کورتە ئاورێکیان لێ داینەوە.
دڵم خۆش بوو، کاتێک دڵم خۆش دەبێت کەیفم بە گفتو گۆدێت، بەڵام دیار بوو میوانی سەفەرەکەم لە خۆم دڵی خۆشتر بوو.
گووتی:
خێرە دەچنە لەندەن؟
گووتم:
- چی بێت لە بەرێزتان نیهێنی نە بێت، سەردانی خزم و کەسووکار دەکەم، دەرفەتێکە هەروەها خۆم لە کارکردن ئەدزمەوە.
کەیفم نەهات هەمان پرسیاری لێ بکەمەوە، باش بوو بۆ خۆی گووتی:
- من دەچمە بینینی خوشکم دەمێکە نەم دیووە.
گووتم:
چاک دەکەن زۆربەی خوشکان لە دڵی یەکدیدا دەژین.
براکان وەک خوشکەکان نین، هەمیشە بەغاڵەت بە یەکدی دەبن.
لە ناخمدا، نەم ئەزانی بۆهەوڵم ئەدا، بە گوزارشتی فەرسییانە رستە سازی و وشەسازی بکەم.
جار جار قومێکی بچوکمان لەگەڵ سەیرێکردنی نێو چاوی یەکتری لە شوشە بچوکە بیرەکان ئەدان.
- گووتی کەنگێ بۆ پاریس دەگەرێنەوە.
- گووتم سێ رۆژیتر
- بەرێزتان زوو دەگەرێنەوە، من نازانم کەی دەگەرێمەوە، رەنگە ٣ تا ٤ حەفتەی تر بۆ پاریس بگەرێمەوە، بەرێزتان کاردەکەن، بەڵام من کارناکەم. کرێ گرتە نیم و پارەی خانە نیشینی وەردەگرم.
دیار بوو بە تەمابوو بڵێم:
- کوو خانە نشینن؟.
قوومێکی خەستم لە شوشە بیرەکەدا، تا هەناسەیەک زۆرتر لە کات بخاێنێ، تا بتوانم لە دڵ و مێشکمدا رستەکانم ریک وپێکتر کەم.
گووتم:
چۆن بەرێزتان هێند لاون، خانە نشین کراون. من وای بۆچووم تەمەنتان کەمێک سەروی ٣٠ ساڵانبن.
پێکەنی و قومێکی خۆشی لە بیرەکەی دا، لێوەکانی تەر و بریسکەدار کردن.
- گووتی
نا یەک دوو ساڵم ماوە بۆ چل ساڵان، بەپێکەنینەوە، کوو ئەوهاتان گچکە کردمەوە، لەسەر گفتەکانی بەردەوام بوو.

هاوسەرەکەم پێنج ساڵێک پتەرتره فەوتیکردوە، بە نەخۆشی کوشەندە مرد. تەمەنی زۆر لەمن زیاتر بوو، نزیکەی دوو هێندە و نیوی تەمەنی منی هەبوو، هێندەی تەمەنی پیاوێکی راست و خاس بوو.
من رازیم بەبەشم، هەرچەندە کاتی هاوسەرگیریمان، من تەمەن لە بیست ساڵان تێپەری بووم، هاوسەرەکەم نزیکەی پەنجا ساڵان پترتر بوو. کەمێک وەستا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە سەیرێکی سەوزی دنیای دەرەوەی کرد. وەک خەفتی دڵی بشارێتەوە، یان نە هێڵێت فرمێسکە شاراوە قەتیسماوەکانی ببینم.
لە دڵی خۆمدا گووتم:
کەسێک کەیفی پێ بێت، رازی دڵی خۆیم بۆ هەڵرێژێت، منای وایە پێویستی بە هاو دەم هەیە.
ویستم باسەکەمان بگۆرم و سۆزی دڵی و ئازاری ناڵەی جودای خەفەکەم.
گووتم:
من ناوم مەریوانییە، ئەی بەرێزتان؟
هەناسەیەی هەڵکێشا گووتی:
- ماریا، و بەردەوام بوو لەسەر قسەکردن، لەگەڵ هاوسەرەکەم، ماوەیەکی کەم پێکەوە ژیان، بە هەمووی دەساڵ پێکەوە نەژیاین، کاتێک ئەو نەخۆشیە پیسە کوشتی، پیر نە بوو.
پاش بەجێی هێشتنەکەی زۆر تەنیا، ئاوەرە، بێ زمان، بێ هاودەم بووم ، لە دڵ و گیانەوە تەنیابووم. هەر ناڵەی جودایم بوو.
تا بە باسەکەی قوورگم وشک نە بێتەوە، قومێکم لە بیرەکەمدا. بینیم بیرەکەی تەواو کردووە، دوو بیرەی ساردیترم دەرهاوردن.
، وەک خەمخۆریم بیره کەم بۆ هەڵپچری و بە زەردەخەنەوە دامە دەستیان.
لە پر لە ئاخافتن وەستا و گووتی،

- بەرێزتان بە ئاینی جولەکە بروان.
بە پەلە وەڵام دایەوە،
- نا من باوەرم بە چ ئاینێک نییە، لە تەمەنی لاویمەوە، وازم لە هەموو ئاینێک هێناوە.
وەڵامی دامەوە گووتی،
من کریستیانیم، باوەرم زۆر بە کریست هەیە.
ویستم بڵێم، هەرکەسە و ئاین و باوەری خۆی، لەسەر گفتەکانی بەردەوام بوو.
- پاش کۆچی دوای هاوسەرەکەم، ئەوە بوو دوو ساڵێک بەتەنیا ژیام. رۆژێکی لە یادی کۆچی دووای لە لایەن هاورێکانیانەوە ئامادەکرا بوو. لەو یادەوەریەدا کەسێکم ناسی، وەک من داوەت کرا بوو.
پاش ماوەیەکی کورت، هاورێیەتییەکی بە هێز لەنێوانماند درووست بوو. من لە کلیمای ژیانمدا، هەمیشە زوو دڵ ئەڤینی دەبم. بەراستی کەوتمە داوی ئەڤینییەوە.
وەستا لە ئاخافتن، گووتی،
ببورە سەرتان ئەیەشێنم بە باس و خواسەکانم.
گووتم نە خێر، فرە کەیفم بە گفتەکانتان دێت، بە گوێی دڵ گوێم بۆگرتوون.
- ناخی دڵمتان بە بێ سنور بۆ دەگێرمەوە، وا هەست نەکەن هۆی بیرەکانە.
گووتم،
- نەخێر چ مان خواردۆتەوە، بە ماوەیەکی زۆر، دوو بیرەی بچووکمان نۆشکردووە.
لەسەر گفتەکانی بەردەوام بوو.
- زۆربەی هی ئەوە بوو تەنیا بووم، زۆرم خۆش ویست، پیاوێک بوو ژن و دوو مناڵی هەبوو. حەفتەی جارێک منی دەبینی، من رازی بووم، هەرچەندە بە گوێرەی رۆحی کریست خیانەتم لە خانمێکیتر دەکرد. بە دەست خۆم نە بوو خۆشم دەویست.
هەردوو دەستی خستە سەر رومەتەکانی و گووتی.
- رۆحی کریست لێم ببوورە، خیانەتم لە رۆحتان کرد.
هەرچەندە لە کۆتای حەفتەدا لە ماڵی خۆمدا دەمبینی. بۆ ئەوەی من ببینێ درۆی لە گەڵ ژن و منداڵەکانیدا دەکرد.
گووایە لەویکێندا بۆکارەکەی بۆ شارەکانیتردەچێت، لەسەر درۆ یەکدیمان ئەدی.

زۆر لەو درۆیانە دەترسام رۆحمان تامردن تۆڵەی ئازارمان لێ بسێنێتەوە.
نزیکەی دووساڵ پێکەوە حەفتەی دوو شەورۆژێک بەم شێوەیە پێکەوە ژییاین.
هەموو کۆتای حەفتەیەک یەکدوو رۆژ پێش یەکتر بینین شیوو بۆم ساز دەکرد. جاری خواردنی شێوە شیلی، بەرازیلی، پورتگالی، ئیسپانی وفەرەنسی.
- زۆر کەیفی بە خواردن سازکردنەکەم ئەهات، هەمیشە کۆتای حەفتە ئێواران ئەگەیشە ماڵم. مێزم بۆ رازاندبۆوە.
کاتێک مێزی رازاوەی دەبینی باوەشی پیادا دەکردم لە زەوی بڵندی دەکردمەوە، پڕ بەدەمی هاواری دەکرد، دیگووت،
- لە هونەرمەند "دالی" ئیسپانی هونەرمەندانەتر مێزەکەتان رازاندۆتەوە.
- دڵم بە بینینت و خواردن ئامادەکردنەکەت ئەکرێتەوە و مندوو بوونی حەفتەکەم لە مێشک و بەدەن دەردەکەن.
- زۆرتان دڵسۆزی قەرزارم.
ئەم گووت،
بوونتان لە ماڵەکەدا بۆ هەناسەیەک دڵ داری و دڵ نەواییە، من لەوساتەی بەجێم دێڵن، چاوەروانی ئەم ساتەوەختەم.
کەمێک لە گفت کردن وەستا. هەستم کرد بەدوای دەسەردا دەگەرا، دەیویست چاوی پڕ فرمێسکی بسرێت.
بە ئەسپای گووتم،
- ببورن دەستەسری خاوێنم پێ نییە.
- گووتی
- کێشە نییە خۆم پێمە.
دەستەسرێکی دەرهاورد وچاو رەشە پریسکە پڕ فرمێسکەکانی سری.
گووتی ببورن، بەداخی دەرونی خۆم کاتم لە بەرێزتان تێکدا.
گوتم،
ببورن من زۆر کەیم بە ئاخافتنەکەتان دێت، تامەزرۆی رووداوەکانی نێو بابەتەکەتانم.
بە دڵێکی خەفەت دیارەوە، گووتی،
بە ماشین جارێکی لە ناوەراست لە یەکێ لە حەفتەکاندا پەنجا کیلۆمەترێک لە پاریس دوور کەوتمەوە. کێڵگەیەکی ئاژەڵ و باڵندەی سروشی بەخێوکردن پێمدەزانی. کەروێشکێکی گۆشتن لە کێڵگەکە کریم، بۆیان ئامادەکردم.
هاوردمەوە ماڵەوە، دوو رۆژ لە سۆسی موتاردا بە لیمۆ، خوێ، رۆنی زەیتوون و بەهارات زۆر جوان، پاک و بەدڵ و رۆح بۆیم ئامادەکرد.
گفتەکەیم پێ بری، گووتم.
قسەکانتان لەدەم بەشەکربن،
- دوا دوو بیرەماوە کەمێکیتردەگەینە لەندەن، تا گەرم نە بوون بابیان خۆینەوە.
بە هێمنی وەڵامی دامەوە،
- چاک بەبیرەی خۆش وسارد خەیاڵتان کردم، فەرموون سوپاتان دەکەم و بەردەوام بوو لە ئاخافتنەکەی.
دوا دوو بیرەم لە زەرف – تەرمۆسییەکە دەرهێنا، بە هەمان شێوە قەدیمێکەی بەری کەمێک بۆم هەڵپچری و لە کەرەتەکانی پێشوو بە برێزدارترەوە، دامە دەسیان و بیرەکەیتر بۆ خۆمم هەڵبچری وبیرەمان دا بەیەکدا و نۆشکردنمان گووتو قوومێکی خوستمان نۆشمان کرد.
گووتی نازانم بۆ زۆر کەیفم پێ دێت بەسەر هاتی دڵارێکەمت بۆ تەواکەم.
گووتم،
من هەروەها بە پەرۆشەوە گوێم بۆرا گرتوون،
گووتی،
- دەزانم بۆیە کاتی گێرانەوەی چیرۆکەکەم دڵم پربوون، دەمزانی بەدڵ گوێتان بۆ گرتووم.
- ئەوە یەکەم کەرەتم بوو، بەدڵ ورۆح هێند خەریک ئامادەکردنی خواردن سازی بم. من بزانم هێزی ئەڤین بوو.
هەناسەیەکی قووڵی هەڵ کێشا وقوومێکی قوورسی لە شوشە بیرەکەداو گووتی،
کۆتای حەفتە هات و ئێوارە لە جەرەسی دەرگایدا، من خۆم بە جوانترین شێوە گۆری بوو، مێز بە گوڵ و پێش خواردن و مۆمی رەنگاو رەنگ رازاندبوومەوە، هەروەها بۆنی خۆشم بە ماڵەکەدا رشت بوو. بەدوو قەڵەمباز گەیشتمە بەردەرگای ئەپارتمانەکە گەیشتم و بە پەلە دەرگام کردەوە.
باوشمان بەیەکدا کردوو، یەکدیمان لە زەوی بلند کردەوە، هێشتا لە نێو دەرگای دەرەوەی ئەپارتمانەکەدا بووین.

گووتم،
ڕۆحەکەم، کەروێشک-بە موتارت بۆم سازکردووی،
گووتی،
چی؟
گووتم،
خواردنی شازی فەرەنسی، کەروێشک بە سۆسی موتارد بۆ سازکردوویت.
هەر بۆ دووهەم کەرەت گوێی لەوشەی "کەروێشک" بوو، بەدەستێکی لوتی خۆی گرت و بەدەستەکەیتری بۆن و بەرامی خواردنەکەی لە خۆی دوور ئەخستەوە و ئەیگووت،
کەروێشک!!، کەروێشک!! حەرامە، هەر زۆر حەرامە، لەئاینماندا ئاینی جولەکەدا ئەوەی توخنی کەروێشک کەوێت، یەزدان بە نەعلەتی دەکات.
هاواری ئەکرد نا نا کەروێشک، کەروێشک حەرامە.
- ئاورم دایەوە جووتێ نەعلی قورس لە نێو ڕارەوی چونە ژوورەوە کەدا بوو، بە خێرای دەستم بۆبردن، هەلم گرتن، ویستم بەر تاکە نەعلی بەم دوور کەوتەوە، بە پەلە تاکێکی نەلەکە تێم گرت، زۆرتر دوور کەوتەوە ویستی بە پلیکانەکاندا بە خێرای برِرواتە بەر دەرگای حەوشە، تاکی نەعلەکەیتر بە هەموو هێز تێمگرت، هاوارم ئەکرد بێ خیرەت دوو ساڵە هاوسەر و دوو مناڵتان جێهێشتووە،
ماریا دەستی بۆ ناوگەڵی درێژ ئەکرد، ئەی گووت
- ئەم کەروێشکە دەخۆن دەخۆنەوە، بێخیرەت حەرام نییە، کەروێشک و ئامادەسازی مێز و کەروێشک بە مووتاردی من حەرامە، هەی حەرام زادە و ڕەچەڵک بۆگەن.
شەمەدەفەرەکەمان یەک دوو هەناسە بوو گەیشتبووە "وێستگەی واتەرلۆ"، هەستابووینە سەرپێ خۆمان بۆ دابەزین ئامادە دەکرد.
ماریا هاواری دەکرد لە گەڵ دەست بۆ ناوگەڵی درێژ دەکرد، بەدەم هەنسک و فرمێسکەوە دەی گووت
- دوو ساڵی ڕەبەق کەروێشک خواردنەکەی خۆم حەرام نە بوون، هاوسەر ومناڵەکاتانت بۆ بەجێدەهێشتن، بەڵام خواردن سازی و ڕازانەوەی سفرەی خواردنەکەم حەرام بوون.
خەڵکی چوواردەورمان سەیرمانیان دەکرد، من سەری ماریام خسبووە سەر سنگم تا هێوری بکەمەوە. سەری لەسەر سنگم بەرزکردەوە، گووتی
جاتاکەم بدەرە دەست زۆر هیلاکم، جاتاکەم بۆ هاورد گووتم.
- یارمەتیتان ئەدەم، گووتی پێویست ناکات، خوشکم وەک هەمیشەی بەدووما هاتووە، یارمەتیم پێویست نییە، فەرمون با دابەزین.
لە دەرگای فارگۆنی شەمەندەفەرەکە چوینە خوارێ بەرەو دەرگای کۆنترۆڵ ملمانا، خوشکی لەودیو دەرگاکەوە نیشاندام چاوەڕوانی دەکرد، خودا حافیزی لەمن کرد، گووتم،
- یەکدی نە بینینەوە.
گووتی بروانەکەم،
گووتم:
من زۆر کەیفم بەکەروێشک دێت،
وەڵامی دامەوە،
- کام کەروێشکییان؟
گووتم هۆردوکیان،
بە زەردەخەنەوە وەڵامی دامەوە، گووتی،
- من هەنووکە جارێ تەرکی کەروێشک خواردنم کردووە.
بەدەم چوونە بەردەم کۆنترۆڵکەوە، گووتی بە هیوای سەرکەوتن.
پاش کەمێک لە چاو دیار نەما، چاوانم پڕ بوون لە فرمێسک، لەدڵی خۆمدا گووتم،
- هەموومان ئالودەی ناڵەی جوداین.